لە هەڵبجە سێ تۆمەتبار بە تۆمەتی ماددەی هۆشبەر دەستگیرکران

بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەڵبجە رایگەیاند، سێ کەس بە تۆمەتی بڵاوکارەنان و بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەرەوە دەستگیر کراون. دوو تۆمەتبار سەرەتا بە تۆمەتی دزیکردن دەستگیر کران و دواتر دەرکەوت کە بڵاوکارەنەری ماددەی هۆشبەرن.

بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای هەڵبجە باویکردەوە، لە ماوەکانی رابردوودا، بنکەی پۆلیسی خورماڵ دوو تۆمەتباری بە ناوەکانی (پ.ئ.م) تەمەن 28 ساڵ و (م.ع.آ) تەمەن 26 ساڵ، بە تۆمەتی دزیکردن دەستگیر کردووە.

دوای پشکنینی پزیشکیی داد، دەرکەوتووە کە هەردووکیان بڵاوکارەنەری ماددەی هۆشبەرن.

بەپێی بڕیاری دادوەر و بەپێی ماددەی 30ی یاسا، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوەتەوە.

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکاندا، کەسێک بە ناوی (ع. ن.) تەمەن 26 ساڵ، کە ماددەکەی پێ فرۆشتوون، لە

دەرەوەی سنووری پارێزگای هەڵەبجە لەلایەن بنکەی پۆلیسی خورماڵەوە بە بیاری دادوەر دەستگیر کراوە، بۆپەی ماددەی 26ی یاسا.